# دكتۆر ساجد ئەو شۆڕەسوارەی بەبێدەنگی قومی لەخەمەكانی ئەدا....!

ئامادەكردنی/خاڵەبەكر



دكتۆر ساجد

هەڵبەتە گوزارشت كردن لەكەسایەتیەكی پیرۆزی نێو كۆمەڵگاكەمان ئەوە دەهێنێت كەراستگۆیانە ئەو مافەی كەپڕ بەبەژن و باڵاو هەڵسوكەوتەكانێتی بەسوجدەبردنەوە جارێكی تر ئەو پیرۆزیەی وەبەردا بكەیتەوەو دوور یان نزیك مشتێ لەو خۆڵە بۆن خۆشەی سەر مەزارەكەی هێدی هێدی بەرز بكەیتەوەو ڕاستگۆیانە بینوسێنیت بەسنگی پڕ حەسرەت و ئاهتەوە،كەسایەتیەكی كۆمەڵایەتی و سیاسی نێو نێوەندێكی ساجید تیاخولڵقاو وەك لەزاری چەندین هاوڕێ و دوست و كەسانی نزیكی جوانەمەرگەوە گەواهی ئەوە ئەدەن كەچەند كەسایەتیەكی هەستیارو هێمن و نیشان پێكی دیالۆگ بووە لەتەك بەرامبەرداو چەندە كەسایەتیەكی كاریگەر بووە لەبۆ چارەسەركردنی گشت ئاستەنگێكی سیاسی و كۆمەڵایەتی و مرۆیی نێو هاوەڵەكانی،ساجید هەمیشە كۆترێكی سپی سپی بووەو ئاستەنگی گشت كەسیكی بەئاستەنگی خۆی زانیوە،سەرەڕای ئاستەنگە كەڵەكەبۆكانی سەرشانی خۆی كەهێدی هێدی هەموو ڕۆژێ بەكاوەخۆ بەبێ دەنگی قومی لی ئەداو بۆ چەن ساتێكی كەم لێوەكانی تەڕ ئەكردو پاش ساتێكی كەمتر هەمدیسان ئاستەنگەكان یەخەو بەرۆكی پێ ئەگرتەوەو ناچار بەبزەو زەردەخەنەی سەرلێوەكانی بەرەورووی قەدەری ئەكردنەوە بەبی ئەوەی لەئاستیانا دەستەو وەسان بیت و چی تر نەبێتە مەكۆی ئەو خەیاڵاتانەی كەهەمیشە هەموو سرەوتێكی لێ داگیر كردبوو،ساجیدی هونەرمەندو هۆزانڤان و وەرزشەوان و خەم هەڵگرتووی خەمی مرۆڤایەتی،سرەوتنی هاوڕێكەی سرەوتنی خۆی بوو،سەرەڕای نەسرەوتنی خۆی سرەوتنی ئازیزێكی دەسكەوتێكی گەلێ گەلێ موقەدەس بوو لەلای،لەبەر هێندێ شاگەشگەدەبوو،بەبۆنەی سرەوتنی ئازیزەكانی بەبێ دەنگی قومی لەخەمەكانی خۆی ئەدا، بەكاوەخۆ لەگەڵیانا ئەدوا،دڵخۆشی خەمەكانی خۆی ئەدایەوە،بەبی ئەوەی ڕۆژێ لەڕۆژان تەنها یەك تاقە شادی سینگوبەرۆكی یەك خەمی ساجید بڕازێنێتەوە،ساجید هەمیشە خەمەكانی خۆی دەستەمۆ ئەكرد بۆ ئەوەی لێی نەتۆرێن...هەمیشە پێی ئەووتن جێم مەهێڵن من بەئێوەوە جوانم..پێی ئەووتن جێم مەهێڵن بوونم لەگەڵ بوونتانایە...مەگەر من نەمێنم ئێوەش نەمێنن...شیشەئاسنینەكانی هەیئەی خاسەو دیوارە بەرزەكانی ئەبووغرێب نەمابوو سەری ڕێزو حورمەت و لوتف بۆ ساجید دانەنەوێنن...پێی ئەوتن ئێوە مادەن منیش مادەم ...بەجەلادەكەی ئەوت حەزئەكەم و پێم باشە سیاسی بیت نەك جەلاد،دەنا جلەوی حوكم بەدەستەوە بگرم ڕەحم بەجەلاد ناكەم...بە(مونزیر)و(فەلاح)ی بەریوەبەرانی ئەمنی زیندانی ئەبوغرێبی ئەوت من لەئێوە شەریف ترم بۆیە دوای حوكمیش هەر تێم هەڵئەدەن (فەلاح)و(مونزیر)پێیان ئەووت(إنچب زین الدین)  ساجیدیش دلێرانە ئەیووت(انا موو زین الدین)(انا زینە الدونیا)....ڕاستت كرد ساجد تۆ زینەتی دونیابووی..زینەتی ئێمەی ماددەش بووی..زینەتی كوردوستانیش بووی...ئیستاش ئەو هەست و نەستە پیرۆزانەی كە بەبێ دەنگی داخی دڵی خۆت بۆ پەرە هەڵڕشتووە بەئەمانەتەوە بێ دەنگێكەی لەبەردا دائەدڕم و بۆت بڵاو ئەكەمەوە،هەرچەندە زووربەی هەرەزۆریانت بێ ناونیشان نووسیوە ...بشمبوورە گەر حەز ناكەیت بڵاو ببنەوە...لێ

نامەوێ ئەم هەست و نەست و ترپەی دڵەشت بەبێ دەنگی قووم لەخەم بدەن...حەزیش دەکەم کورتەیەکێش لەژیانت بکەم بەبەرۆکی ئەندێشەی ئەم شیعرە جوان و تەڕوپاراوانەتا.

*زەینەدین نەجمەدین محەمەد(ناسراو بەدکتۆر ساجد)
*ساڵی 1956 لەگەڕەکی سەرشەقامی سلێمانی لەدایک بووە.
*ساڵی 1972 پەیوەندی کردوە بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەوە.
*لە1977/5/5 لەلایەن جەلادو سیخورەکانی ڕژێمەوە ئاشکرا بووەو دەستگیر کراوە،پاشان بە پێنج ساڵ و یەک مانگ حکوم دراوەو لەبەندینخانەی ئەبوغرێب توندکراوە،پاشان لە 16 ی8 ی 1979 بەلێبوردنی گشتی مەرەخەس کراوە.

*لە 2ی 8ی 1980 چۆتە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردوستانەوە وەک کادرێکی کۆمەلە،لەهەرێمی 5ی قەرەداغ کاری کردوەو درێژەی بەخەبات داوەو بووە بەلێپرسراوی ناوچەی بازیان و دواتریش بووە بەڕابەرسیاسی تیپی 57 سەگرمە.

*دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 لەکۆمیتەی قەرەداغ بووەو پاسان لەساڵی 1994 کراوە بەسەرپەرشتیاری کۆمیتەی ڕێکخستنی تەندروستی.
*لەهەڵبژاردنەکانی 1996 دا پلەی ئەندام مەڵبەندی پێ بەخشراوە.
* لەهەڵبژاردنەکانی 1999 دا جارێکی تر متمانەی هەڤالانی وەدەست هێنایەوەو کرا بەلێپرسراوی ڕادێوی مەڵبەندی 1 ڕێکخستنی سلێمانی.
* لە 18 ی 7 ی 2002 دا بەهەڵبژاردن متمانەی کارگێڕی مەڵبەندی پێ بەخشرا.
* لە 16 ی 4 ی 2005 کرا بەئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان.
* سەد مخابن لەشەوی 19/18 ی1 ی 2006 لەماڵەساردوسڕەکەی خۆیدا بۆ ئێجگاری سرەوت و بەبێ دەنگی ماڵئاوایی لێ کردین.

(عەشقە سات)

بەینی دوو شاخ و
لەژێر سێبەری دارگوێزێکی زڕدا
ئامێزی ئامێزت
بۆ دڵم واڵا کردەوە
خۆشی ئەو ڕۆژەم پرسە ئاسا بوو
دەم زانی ساڵی جارێک دەتبینمەوە
تەزووی خەفەت
دڵمی شەقار شەقار کردبوو
خەزان دەهات..دەچوو
لەگەڵ گەڵای هەڵوەریوی دا
گۆشەیەک لەدڵم دەبوە قوربانی
ئەو عەشقە ساتەو
دەیانەجار
بەژیلەمۆی ئەو سۆزە بێ سۆزە دەسوتام و دەتلامەوە
دەمزانی پایزەمەرگە
–دەمزانی ساڵی جارێک دەتبینمەوە
وامدەزانی ئەو عەشقە
توێشوی خەونێکی نەزۆکە
بۆتە خۆراکی ژیان
یاسەرەڕۆیی دڵێکی شێتە
بۆتە ویستگەی ساتێکی ژیان
–ساڵ هات و ساڵ چوو

بەئاگاو بێ ئاگا بوین
من وام دەزانی بۆخۆم دەسوتێم
تۆش واتدەزانی بۆخۆم دەژێم
هەردووکمان بووینە قوربانی ئەو عەشقەساتە
–ساڵ هاتوو ساڵ چوو
ئامێزی ئامێزت
گەرمتر بوو
سنگت
والآتر بوو
عەشقت
بەسۆزتر بوو
ئەوسا زانیم
چاومان چاوی یەکە
دڵمان یەک هێلانەی بێ گەردی خەمە
ساتێ ئەو وەرزە سەوزەش
دارگوێزەکە
سێبەری قورس بوو بوو
گوێزەکانیش
بەردی سەر دڵی من و تۆ بوو
***

(لەوێ دانتشتبووم)
دەمزانی.. دانیشتنم بێ هودەیە
چاوەڕێ بووم
زۆرم حەز لەچاوەڕوانی یە
دەشزانم
چاوەڕێی هیچ ناکەم
***
هەمیشە لەڕوناکی ئارام دەگرم
بەتاریکی شێت دەبم
کەچی جارجارە
بەشێتیتاریکی لەئامێز دەگرم
بەڕوناکیش
خەوم دەبێتە کۆچی دوایی و
پرسەی پرسەو کۆچی دوایی
***
لەسەر ئەو لوتکەیە بووم
بەفرو شاخ
شاخ و بەفر
هاوەڵم بوون
چاوم بەدەشت و
شاخی تردا هەڵدەهێنا
کاتیش هەر بەیانی و نێوەڕۆو ئێوارە بوو
خوا هەر خوایە

هەمووش کۆ ئەندامی..یەک ژیانیین
***
ئەی برادەر
ئەم وولاتە
ئەم شارە
ئەم گەڕەکە
ئەم کۆلانە
ئەم ماڵە
هەر هەمان ماڵە
ئەی برادەر
هەمان ژیانە
ئەم ژیانەش
خۆ کوشتنە..هەمان خۆ کوشتن
ئەی برادەر
ئێستاو..ئێستا
ئێستاو زەمەنی تۆ
ئێستاو زەمەنی ئەو
یەک بووە بەسێ
سەرتان لێ دام
ئەی برادەر
1997/3/3
(__________)*
مێژۆکانتان لێ وون بووە
خۆتان لێ وون بووە
لەجیاتی لەپی دەست
چاوتان شەقار شەقار بووە
بیرتانە...بیرتان نایە
هەزارو شەش سەدو هەژدە ڕۆژ لەمەو پێش
ئەم شارە دیل بوو
ئەم شارە سەرقەبرانێکی ژیار ئاسا بوو
سلێمان پاشای بابان
دوانزە سوارەی بابانی لەگەڵ خۆی هێنابوو
دەیوویست مردووەکان زیندوکاتەوە
سمکۆی شکاک
ڕۆحی هێنابووە بەر هەزارمێرد
بیرتانە..بیرتان نایە
زەعیم صدیق ئەم شارەی شەهید کرد
هەزارو شەش سەدو هەژدە ڕۆژ لەمەو پێش
خەڵک وەک ئەم ڕۆژە
یادی پێغەمەرێکی نەدەکردەوە
بەلام هەندێ ڕۆح بەلایەوە غەریب بوو
مەزارەکان بێزار بووبوون
هەڵەبجە وەک ئێستا
موحسین بۆی نەدەگریا*
ئەنفال وەک ئێستا ژمارەگیر نەدەکرا

بەڵام ئەو ڕۆژە، ئەم شارە
ڕۆح گەشتبووە لووتی
بیرتانە..بیرتان نایە
هەزارو شەش سەدو هەژدە ڕۆژ لەمەوپێش
ئێوارەکەی بۆ بەعس، پرسە ئاسا بوو
بۆ شوانە مەخزەن لەپشتەکەم
ڕێی خەبات بوو
بۆ حەمەڕەشەکەی گەرمیان
کۆترێکی سپی بوو
بیرتانە..بیرتان نایە
ئەو ڕۆژە بۆ شەوەکەی
تەنیا دەنگ گەلی کوردوستان بوو
بۆ شالاو بوو
بۆ سرک بوو
بۆ......
بۆ....بوو
بیرتانە بیرتان نایە
پێنج شەممویەکی سەیر بوو
ئەم شارە دەتووت
ماشێنێکی خاڵی یە
هەندێ دەبوو لەماڵەوە بن
هەندێ چەک بەدەس
هەندێ دەست لەچەکی پێشمەرگە بوون
ئەو لەئەمنە سوورەکە
ئەو لەئەمنە ئەمنەکەو
ئەو لەمنظەمەی بەعسەکە
بیرتانە..بیرتان نایە
سەرچنار
بیری چوو بۆوە سەیرانگا بوو
خەبات
بیری چوو بۆوە قەرەج ئاوا بوو
مقەڕی ئەنفال
دەیزانی بەختیاریە
سەگرمە جەیشێ بوو
ئارام لەتەنگیسەرەوە سەرکردەی بوو
ئەزمڕ جەیشێ بوو
هەمووی لەدارای سەعدی بەگ دەچوو
قەندیلی...قەندیلیش
چاوی لەهەموو بوو
ئەمڕۆ ئێمەو عاشقی بەعسیان
چاوەڕێی سبەین
ئەو سبەینێ یە بۆ من
هەزارو شەش سەدو هەژدە ڕۆژە بۆ کورد
ئەو پێنج شەممە مژدە بەخشەی مەسیحە بۆ ئۆرشەلیم
ئەو محەمەدە محەمەدی جاهلیەتە بۆ مەککە

ئەو نەبیەکەی جبرانە
بۆ ئۆرفەلیس*
***
ئای لەو سبەینێ یەی
هەڵبەستی کورِم دەڵێت!
بیرتانە...بیرتان نایە
لیشبۆنە...دبلن
کورد..کورد دەڵێت
لەجیاتی چاو
مێشکتان..شەقارشەقار بووە
بیرتانە..بیرتان نایە
بەردەرکی سەرا وەک ئەمڕۆ نەبوو
بەڵام ئەو ڕۆژە
هەموو ئەم شارە تینووی ئازادی بو
قەندیلی..چرا
بیرتانە..بیرتان نایە
کچەکەی من... دەیووت
بابە قاچم ئێشێباران ئەو ساتە
نەخۆش کرۆ بوو
بەڵام بۆ گشت
بارانی باران بوو
کۆڕەو بوو
کۆڕەوی بەرەو مردن
بۆ ژیان بوو
باوەڕناکەم بیرتان بێت
چونکە سی و چوار ساڵ
لەچاو
هەزارو هەشت سەدو هەژدە ڕۆژدا
سی و چوار چرکەیە
***

*(______)واتە قەسیدەکە بێ ناو نیشانە.
موحسین:مەبەست لەجوانەمەرگ موحسینی حاجی حەمەومینی هەڵەبجەییە.
ئۆرفەلیس:واتە ئۆرشەلیم و فەلەستین.

(چیت دەوێ؟)
هەی عاقڵی لەمن شێتترگرت،گڕی،گڕ،بوایە!
یەک سوچت دەسوتاند
کەچی گڕی بەفریت و
هەموو دنیای جەستەم دەبرژێنی
من نازانم بوکوێم دەبەیت
بەڵام وەرە ڕێگەی سێ یەمم نیشان دە
یامردن،یاژیان
یاگۆرانی...گۆرانی
یاگۆرانی هەواری خاڵی

**دەپێم بڵێ**
**بەزمانی گومرگ و باوکی پێغەمەران دەمدوێنی**
**یابەعەشقی ئەو سەدەیەی کەسی نەماوە**
**دەوەرە پێم بڵێ؟**
**هەی عاقڵی لەمن شێتتر**
**تۆ بەمەعبەدی چاوی خۆت دەمدوێنی**
**یابەڕۆحی بێ ڕۆحم**

**(.....)***
**بەپێنوسی،مەدالیا ئاسات**
**یابەقەڵەمی ئەژنۆ دەمجوڵێنی**
**تۆ بەگریان و فرمێسک**
**دەمخەیتە دەریای خەمەوە**
**منیش.. بەیەک نواڵە ووشەی تۆ**
**تیر نابم و هەر ئەتلێمەوە**
**دەوەرە حەمە گیان**
**ڕاستە تەمەن تەمەنەو**
**زۆر بوونی مردنە**
**بەڵام دڵ هەر دڵەو بی تەمەنە**
**تۆ هەر شەوەی دڵت**
**لەخەڵوەتێکا ئارام دەگرێ**
**ئەی چی لەمن دەکەیت**
**بۆ دڵی من یەک خەڵوەت هەیە**
**ئەویش مەعبەدەکەی تۆیە و**
**بتەوێت یا نەتەوێت**
**خاوەنی یەک بەعبودە**
1995/6/13/12

*(......):**واتە قەسیدەکە بێ ناونیشانە.**

**(......)***
**دەریا ماسیەگرە چاوشینەکەی..**
**هۆگۆی لەئامیز دەگرت**
**وەرن باوان تەماشاکەن**
**ئێستا خەون لەفەرهەنگی ژیاندا نەماوە**
**چرۆ دەبێ بەچقڵ**
**کانیاو دەمەیەت**
**ڕووبار خشەی نایەت**
**دەریاش بی کەنارە**
**پەتایەو نەخۆشی بڵاوە**
**نەخۆشی ئاوابوونە**
**پاسپۆرت ئەنفالێکە**
**سەدان ئاتێلا دەفەوتێنێ**
**پاسپۆرت کۆڕەوێکە**
**دڵ-دڵ،کەس-کەس بەجێ دێڵێ**
1995/9/6

*(.....):واتە قەسیدەکە بێ ناونیشانە.

(.....)*

لەشارێکی سەرە ڕێدا
مەرگ بۆ پشوو لای دابوو
خواکانی کۆن و نوێ
لەعاستی ئەو ملیان دابوو
کەژین مەرگی خوارد
خوا بۆ سەرو،سەریش بۆ خوا
ڕەنجیان بەفیڕۆ دابوو
***
لەگوندێکی نزیک شاردا
کڵپەی پەنگ خواردوی گڕ
پەنجەی تیژی لەچاو ئەنا
کەچاو لەترسا ملی ئەنا
بەرەو ڕێگای دژوارو چڕ
هەوری بەهار کڵپەی ڕاونا
***
دەشتەکانی بەرەو بنارشاخی سەختیان ئەدا لەدار
هەناسەکان کەیەکیان گرت
تاسەیان کرد بۆ چاوی یار
***
کەتینوەکان بۆ تۆزێ ئاو
ڕێیان ئەگرت هەنگاو هەنگاو
چاوی برسی لەدوور دیار بوو
دەستی لەبین(ژیان)نابوو
***
ساواکانی سەدەی دێرین
ڕێیان خستە بەر خوای ئێستا
کەمل کەچ کا بۆ ئاوێستا
***
لەئەشکەوتی شاخی قوچدا
بەنیازی دڵ
دەمی گورگ بەشدار بوو
کەچی لەدەشتی بەر بناردا
هەر دەمی گورگ بوو
***
لەڕابوردووی ساڵی نوێدا
بەهاری ئێستا ئەخنکێنرا
لەباڵەخانەی واشنتۆن دا
چەقۆی مۆسکۆ لەمل ئەنرا
***
ئێستاش بەفرەو
شاخ نزارە
ڕەنگی ژینی سبەی دیارە

1976/1/6

*(......):واته قەسیدەکە بێ ناونیشانە.

(بۆ فریشتەکەم)
پایز بوو
کەنمە بارانی چاوەکانت دەباری و
فرمێسکەکانت لەسەر دەربیی گۆنات جێگیردەبوون
دەتووت خەزانەو
گەڵاڕێزان میوانی حەزرەتی ڕووتن
گەڵاڕێزان دەبووە تۆوی گوڵی هەمیشە پایزە
لەناو گیانما سەوز دەبوو
دڵم چاوگەی داکەوتەبوو
تۆ لەخەمی خۆتا دەتوایتەوەو
لەمن بێ ئاگا بووی
منیش وەک دێوانە عەوداڵ دەبووم و
لەناو عەشقی تۆدا دەتوامەوە
کەهەناسەو گڕی بەکوڵی دڵم،
شاڵاویان بۆ هێنای،
خەمەکانت کرد بەگژ هەناسەماو
ئۆقرەت لێ بریم،
خۆم و خەمەکانمت کرد بەودیو سنوری عەقڵداو
پەتیارە دەبووم
جارێکی تر وەک دێوانە عەودال دەبووم و
لەناو سۆزی تۆدا دەتوامەوە

کەبۆنی خۆشەویستیت کرد
بەهار بوو
نەرمە بزەت،
قاقایەکی دڵ تەزێن بوو
کەقاقات لێ ئەدا
هەورە چەخماخە بوو
ئاوی چاوەکانت وەک شەستە دەهاتنە خوارێ و
تێکەڵ بەگزنگی زەردەخۆری لێوت دەبوون
(پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر)
دەبوونە میوانی حەزرەتی ڕووت و
دەبووە تۆڕی هەمیشە بەهار
لەناو دڵما سەوز دەبوو
دڵم دەبووە باخچە

خۆشی و خەممان تێکەڵ دەبوو
گۆرانیەکی بەتامیان
دەچڕان

کەسنووری وەرز گۆڕڕاو،
بەهار لەدوای پایز نەهات

من بۆ خۆم و تۆش بۆ خۆت،
بووین بەدوو خەمی تازەو
کەسمان لەدوای کەسمان نەهات.
1988/11/20/19

(......)*
ئەزانم سورایی چاوەکانت
گڕوبڵێسەی وەفای دوورین
ئەزانم بزەو خەندەی شێواوت
فێری خەمێکی بێ سەبوورین، ئەزانم،
ئەگەر ئاویشلەڕۆخانەی خۆی گۆڕڕا
تۆ مەگۆڕێ
ئەگەر پاساریش
لەهێلانەی خۆی تۆرا
تۆ مەتۆرێ
ئەگەر ئاوابوویت و
ئەگەر زیز بوویت
وەرەوە، وەرەوە
من لەگۆشەی چاوەکانتەوە
ڕوناکیم پێ ئەگا
من لەخەندەی لێوەکانتەوە
ئازار ...م لێ ئەکا
وەرەوە
بالەئاسۆگەی یاخی بوونا
ئەسپی سەرکێشی ئارەزومان
بەرەو سەختی دەربەندەکان بشکێتەوە
باماتیت ببێتە تۆزی بەرپێمان و
لەئاوی چاوەکانم بتوێتەوە
زۆر دەمێکە
ئاوازو سۆز ناخ پروێنن
شنەو هەواڵی بوونە دڕک و
لەناو بیرا
لەناو مێشکا
قین و کینەم بۆ ئەچێنن
زۆر دەمێکە بیرت ئەکەم
وەرەوە، وەرەوە
من لەگۆشەی چاوەکانتەوە
ڕوناکیم پێ ئەگا
من لەخەندەی لێوەکانتەوە
ئازار.....م لێ ئەکا
***

*(.....):واتە قەسیدەکە بێ ناونیشانە.

---

(ئەی دایە گیان)
بەمنداڵی لەبێشکەت شەتەک دام

بەلایلایەو چیرۆک دەرست دادام
دوو ساڵ بەندی کۆت و زنجیر بووم
بەدەسترازەو بەن لەدارت دام
فێرت کردم نەگریم
کەبۆ کێڵگە ئەچووی
کەبۆ شاخ ئەچووی
لەپشتت ئەبەستم
ئالەو کاتەوە فێری دەربەدەریم
ئالەو کاتەوە فێری چەرمەسەریم
فێری گەڕۆکیم
لەم شاخ بۆ ئەو شاخ
فێری خەم خەمخواریم
کارم تێ نەکا هەزار ئاخ و داخ
ئەی دایە گیان
وەختی بی شیری
ئاوی تاڵم زۆر خواردووە
وختی باوک شەهید بوونم
ناسۆری و تاڵیم زۆر چەشتووە
لەبیرمە شەقسەقەی منداڵیم
قەوانی فیشەک بوو
جیگای گەرمی ئارامگام
بن بەردی ڕەقوتەق بوو
هەر لەو ساتەوەی عەشقی چەک بووم
عەشقی شاخ و ڕێگەی دوور بووم
ئێستاش نەک بۆ جنوب ئەولاتریش
نەک هەر گرتن بۆ مردنیش
ئامادەم و ئەرۆم، ئەڕۆم
هەتا ئەگەم بەهیوای خۆم
1977/3/31
***

(پەخشانی ئەدەبی)

بۆیە مردم تاکو تۆڵەی هیوای خۆم، وەکو خۆی لەناو ئاشی ئاو لێ کەوتووی دڵمدا گێنگڵ نەخواو، وەکو ئێستا هەموو ساتێ نەمتاسێنێ و لەناو تەمومژی خەیاڵمدا زیندە بەچاڵ نەکرێم. بۆیە مردم تاکو هەموو ئەوانەی خۆشم ئەوێن لەناو گێژاوی خەیاڵی مندا نەختکێن و قەوارەو قاوغێکی بەتاڵ بەدۆست نەگرن.

لەکەس ناگەم، تەنانەت لەخۆشم، لەهیچ کەسێکی ئەم دەورووپشتەم ناگەم و لەناو بازنەیەکی داخراودا دۆش داماوم و بەهیچ کرۆژێک لێی دەرباز نابم بۆیە مردم. خۆم لەژینمدا بەش نەحاڵی خۆم ئەگەر بەدزیشەوە بووبێ بۆ خۆم گریاوم، ئەو کەسەش بۆم ئەگری ئازارم ئەداو لەناو گۆڕەکەشدا نایەڵێ بسرەوم. چنگم لەخۆ، لەعەشقم گیر بووەو تەسکینی بەدڵم هاتووە، ئەو دڵەی هەرگیز خۆشی لەخۆی نەدی، ئێستا لەکاروانی چیرۆکێکی دووروودرێژدا مردوم، کۆتاییم بەمان هێناوەو پەتی خەیاڵم لێ مەپسێنن، ئارامگام لێ مەشێوێنن، زۆر زۆر حەز بەتەنهایی ئەکەم. حەز بەغەریبی ئەکەم و لەسەر کێلی گۆڕەکەم بنووسن لەژیانیشدا هەر نامۆ بوو. حەز ئەکەم گۆڕەکەم نزیک شوان بێت...کەخرامە گۆڕەوە با ئەڵقەیەکی ئاڵتون لەدەستی ڕاستمدا بێت، داوای لێ بوردنتان لێ ئەکەم. هەر هەموتانم خۆش ئەوێ، هەر هەموتانم خۆش ئەوێ بۆیە

مردم،جارێکی تریش داوای لێ بوردنتان لێ ئەکەم. 1980/8/18

(وڕێنەی دڵ)
هەڵ هاتنە...هەڵ هاتن
ئاوا بوونە ئاوا بوون
هەر باڵندەیەو هێلانەکەی خۆی بەرد باران دەکات
هەر باڵندەیەو بەرەو ڕێوی کڕنووش دەبات
کەنارەکان خۆیان خواردووە
شەپۆل بێ سەرو شوێنە
لەنگەر گرتنی نەماوە
نازانی تووڕە بوون یا ئارامی بەرەو کوێ ببات
وەستان بۆتە ڕاکردن
کەشتێکەی نوح وەستاوە
(طۆفان)یش بەرێوەیە
نێر مێ ئەبات
مێ نێر ئەبات
ئامێز هەزار بەهەزارە
لەئاوێنەی مارەکاندا خۆت دەبینیەوە
ئێستا کفر
پەیامێکی پیرۆزە
بێ وەفایی
لەجیاتی هەست و سۆزە
***

(.....)*
کەوشە لەلێوت دەتۆرێ
چاوەکانت دەبنە دوو کانی تەقیوی بەهار
منیش دڵم دەبێتە گۆماوی خوێن و
ژیانم بۆ ڕۆژی سەد جار
تیایدا دەمرێ
بزەی لێوت
داینەمۆی دڵمە
خوێن بۆ بەرزترین لوتکەی لەشم دەنێری
کەزەردی لێوت ئاوا دەبی
گیانم وەک پووشی پایز گڕ دەگرێ و
فریای خۆری دوای تۆرانت ناکەوێ
خامۆش دەبێ
ئەمشەو دەستم نایە بینی خەمەکانم
خەم بووە پەلە هەورێکی ئاڵۆزو
لێم پەڕیە ئاسمانی ژوورەکەم
کەکزەبا خۆی هاویشتە ژورێ
تێکەڵ گڕی هەناسەم بوو
هەور بووە بارانی ڕەحمەت و

بەسەر مەزاری گیانما نم نم باری
ئەمڕۆش ساتێ
خۆڵەمێشی عەشقم
بەچڵێ پرژە بووە ئاگر
کۆمەڵێ کزۆڵە خەم
دایانە شەقەی باڵ و
بەرەو پەرستگای دڵم هەڵفڕین
نەئاسمانم لەپانتاییما بجریوێنێ
هەزارەها ئەستێرەی چاوگەش
نەدەریاشم
شەپۆلی سەرشێت و سەرسەخت
بگرمە باوەش
خۆ من ئاسمانم نیە
ئەستیرەی بەختم لێ بتۆرێ
سەرشێتێکم
مەزاجیش مۆتەکەیەو
ڕۆژی سەدجار خۆی ئەگۆڕێ
دەوەرە
ساڵی جارێ
نا،هەموو ڕۆژ جارێ
دەستی نازت لەهەناوم نێ و
باشەرابی غەمی کۆنت خۆشاوم بێ
ئەگەر نایەیت
باهەناسەو بێ بەرزەکی بانان
ئێستە بێ من و تۆیە
یادەکانی بۆ زامی من
زۆر بەسۆیە
***

*(.....):واتە قەسیدەکە بێ ناونیشانە.

---

(.....)*
گوڵم کەمێک
بۆ تەنها ساتێک
چاوت لابەو
پشویەبە،بەدڵم
بامانگی ڕووت
لەئەستێرەی خامۆشی دڵما جێگیر بێ
***
خۆشەویستیت
تیر ئاسا هات
نەناوی تۆمەزانی و
نەنەوی خۆم لەبیرما
***
لێم مەگرە

دلم بارگەی تەلیسمی چاوەکانت ناگرێ
عەشقت درەختێکە
بەخۆشەویستی تۆ پاراو بێ
هەرگیز نامرێ
***

*(...)واتە قەسیدەکە بێ ناونیشانە:لێ لەهامشا ساجد ئاماژەی بەوە داوە کەچێژی شیعرێکی نزارە.

(......)*
سەرەتای وەرزی بارانە
لێوەکانت بێ خەندەیە
فرمێسک لەگۆشەی چاوتا
ئارام ناگرێ و شەستەدەکات
وەک بارانێکی بەلێزمە
دڵم بێ نەوایە
نامۆیی چەند سالەی عەشقی تۆیە
لەئامێزی تۆدا ئۆقرە نەگرێ
لەتابووتی غەما ئەمرێ
زامی دەساڵ غەم و ،دەساڵ دووری
زامی دەساڵ عەشقی بێ سەبووری
بەئاونگی لێوت سارێژ ئەبێ
منیش فرمێسکم بارانێکن بەلێزمە
ڕۆحم ئاشنای ژانێکی بێ هودەیە
وەرە خەنجەری ڕقت
لەکالان دەربێنە
شمشێری هەقت
لەگەردنم بسوێنە
***

*(.....)واتە قەسیدەکە بێ ناونیشانە.

(....)*
بۆ ئەو هەوارەی،هاوارم بەبێ دەنگی دەزانێ
بۆ ئەو هەورە ئامیزەی
باران پەلەی بەسەر ساخدا دەبارێنی و
دەشتیش بەتینوویی جێ دێڵێ
بۆ ئەو ڕۆحەی شێتێتیم بەشێتێکەی،
حەسون و ڕەزاو طارق دەزانێت
بۆ ئەو خوایەی بێ عەرشیش هەر خوایەو
منیش بەعەبدی خۆی دەزانێ
دڵم شەوانە
بەکوڵەوژی عەشقت
خەمی خۆی داخ دەکا
تۆش چراوگی
تاریکیەکی بێ ڕوناکیت
خەڵک خۆشەویستی
بەهەورێک دەزانێ

لەدایک بوونی ئەبێ و
مردنی زوو بێ
کەچی بۆ من،بۆ منی شێت
لەدایک بوون تامردنە
***

*(....):واتە قەسیدەکە بێ نانیشانە.

(......)*
ئەی مۆنالیزای هاوڕۆحم
بێ تۆ،قەرار لەکوێ بگرم
منی قەلەندەر
بێ تۆ لەکوێ بمرم
ئەی هەموو غەمم
ئەی هەموو عومرم
***
خۆ ئەم سەدەیە
سەدەی..نەمانی
میهرو..وەفاو..موحیبەتە
بەڵام تۆ خۆت دەزانی
بۆ یۆ نەبێ
بۆ کەسێکی دی نامرم
ئەی مۆنالیزای هاو ڕۆحم
***

(پەخشانی ئەدەبی)
چاوو مێشک و هەناسەم تێکەڵ تێکەڵ دێرەکانی ئەوان بوو،وێنەکەی تۆی لەبەینی دوا لاپەڕەو بەرگی بەسەرهاتەکەدا بوو،بۆنم دەکەیت،چوار دڵۆپە بارانی پایزی،لەجیاتی بۆنی خۆشەویستی خۆت،عەترو بۆنی بەهاری قژی تۆی کردە هەناسەمەوە،دڵم، چاوم، مێشکم،هەناسەم،ووتی دێت،دەبێ بێت.
هاتیت وەک پەیامیک،وەک ئاوی حەیات،خدری زیندە بوویت،وەرزی خەزانت کردە هەمیشە بەهاری ئەم درەختە پیرەی عومرم.
پێم ووتی،کەلێوم بێ لێوی تۆیە،چاوم تەمەنم،بیابانێکەو تەمەنی سەدان سەدەیە،پێم ووتی ژیان بێ تۆ عەبەسەو بێ هودەیە،ژیان بێ تۆ دەواریماڵێکی زۆر بەختیاری بێ سروەیە.
***

(غەمەکانی بیوتی زجاجی)
جاران غەم..شەونم بوو
شیرینی باڵای گەڵاو گەزۆ بوو
جاران غەم..ڕۆحی عەشق ق خۆشەویستی و وەفا بوو
جاران غەم..خۆی لەدایک دەبوو
خۆی گۆرانی شەم و
خۆی گۆرانی نامۆیی و خۆشەویستی بوو
بەڵام ئێستا
غەم تەفاعولی دوو کانزایە
غەم تێکشکانی دوو دەزگایە
غەم فەوتانی دوو سەودایە

هەیهات، هەیهات
جاران غەم، هەوێن بوو هەوێن
ئێستاش بۆ من
هەر هەوێنی یەک ئیحایە
ئەو هەوێنەش هەر هەوێنی
عەشق و خۆشەویستی و وەفایە
هەر هەوێنی
عەشقەو کۆڕی نیشتیمان و کوردوستان
کوردوستان و کوردوستان و
کورد زمانییش بۆ کوردوستان
یەک هیچ
بۆ دوژمنانیش
کانی نەوت و
جەنگەڵێکی زۆر سەری بێ هۆش و،
زۆر دڵی بێ جۆش و
بۆ دوو...
بۆ دووی..تریش
هیچ غەمێک وەک ئەوی تر نیە
هیچ...هیچێک...وەک هیچێکی تر نیە
***

(غەمی شەوانە عەشق)
دەرگای دڵم بۆ غەم ئاوەڵایە
خۆشەویستیش
لەبرۆی ڕەشی هەر ڕەشت
یەخەی دڵم دەگرن
من و تۆش دەزانین
هەموو ڕۆژێ
چاومان یەکتر لەئامێز دەگرێ
کەچی زمان ڵاڵەو
هەموو ساتێ
یەخەی خۆی دادەدڕێ
واباوە، لەژیانیش واباوە
دەم و چاوەکان چوون یەکن.
***

---

(بۆنسۆی گڕی دواهەناسەم بابۆ تۆ بێ)
بەڕێبواری ئەگەر لات دا
بۆ سەر وێرانەی گۆڕی دڵم
ئەمجارە لەباتی درۆ
گوڵێکی ژەهراوی تیا بڕوێنە
ئەگەر ئەمجارە ویستت عاشق بیت
ئەگەر ئەمجارە ویستت سەر شێت بیت
ئەسرینی غەمێکی دوور هەڵبڕێژەو
لەلافاوی چاوەکانتا خۆت بخنکێنە

***

(بۆ ڕێبوارە،بێ ڕێکانی ئەم شارە)

تۆ ئافرەتێکی قەشەنگی
بۆ گیرفان پڕەکانی ئەم دەڤەرە
تۆ مودێلێکی جوانی
کەچی بۆ منی کۆست کەوتوی عەشق
چاوەکانت
تاڤگەی دوو ڕووباری خەم پەرستن.

---

هەندێ کۆپلە شیعری جیاواز:-

زۆر جار بۆ ئەو چاوانە ئەگریم
نازانن بۆچی دەگرین
بەزەییم بەو دڵانەدا دێتەوە
چوار پەلێ دەبەن بەرێوە
نازانن ئاخ چیە
بازنەکان هەندێ دەستکردو هەندێ سروشت ئاسان
بەڵام سوڕان یەک چەقەو
بەرەو ناکۆتایی مل دەنێت
بۆ مێشک واڵاکان داخراون و
بۆ گەمژەی گەمژەش پان و بەرینن

---

بگەڕێ،بگەڕێ
هەموو ئاوازە مردۆکان زیندوو کەرەوە
هەموو گۆرانیە کۆنەکان تازەکەرەوە
خەفەت هەموو گیانمی گرتۆتەوە
هەمویان بکەیت بەگژ عەشقما
وێرانە ماڵم تازە چانابمەوە

---

یەخەی عیشقێکی سەرشێتم گرتووە
ئەگەر من لەغەمی ئەوا نەمرم
ئەو تۆزی مردووی لێ نیشتوە
ئەم دڵە بێ ئۆقرەیەم
واوەیلای مەرگی پێ یە
تۆش لەئامێزی ئەوی
ئەو کفنی دوانی پێ یە

---

ئەگەر دەسەڵات خواوەندم دەبوو
بەچاوی خۆشمەوە
هەموو چاوەکانم کوێر دەکرد

نەبادا، ڕۆژێک، یاساتێک
چاوێکی پیست پیا هەڵبێنن
ئەگەر دەسەڵات خاوەن شکۆم دەبوو
هەر پێنج ووشەی ناوەکەم
لەپەرستگای مەزندا، دەخستە خەڵوەتەوەو
بەکار هێنانیانم یاساغ دەکرد